www.kurdistannet.org
22-2-2003 16:18

# لەبەرامبەر بڕیارەکەی (کادەك) هیچتان پێ بیە؟

**گۆران سامان**

ماوەیەکە گفتوگۆ و مشتومڕ لەسەر ئەوەیە ئاخۆ دوا بڕیاری کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان-کادەك بۆ چیە و بەواتای چی دێت؟، بەتایبەتیش ئەو کەس و لایەنانەی کە پێش سالآنی 1999دەیانووت شەڕ ڕاست نیە وەکو تورك ووتەنی "ئەمە تیرۆرە"گەلێك شتی تری لەم شێوەیە، پارت و گروپ و کەسایەتی و ئەو بەناو ڕۆشەنبیرە کوردانەی کە ڕەگو ڕیشەی خۆیان لە دوژمن و کۆنە پەرستی دانەبڕیبوو هەمان شتیان دووبارە ئەکردەوە و، پەسەندی ئەوەیان نەدەکرد کە ئاخۆ PKK بەتەنیا ڕێکخراوی بەشێکی کوردستان نیە بەڵکو ڕێکخراوێکە کە وویست و داخوازی گەلێك لە ئەوو کەسایەتی سەرۆکەکەیدا خەسڵەتی گرتووە هەر بۆ ئەوەش دەیان ووت تۆ چی ئەکەی لەو بەش و ئەم بەشەی کوردستان، بۆ ناگەڕێیەوە کوردستانی خۆت، ڕێکخراوێکی وەك (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) کەکەسی نەماوە تەنانەت نیگابانیشی بۆ بگرێت ئەویش دەیووت ئێوە بۆ لە کوردستانی ئێران خەبات دەکەن ئەمەش بەواتای ئەوەدێت من توانای تێکۆشانی شۆڕشگێڕیم نەماوە و من موختاری ئەو بەشەی کوردستانم ئەگەر من کارم پێ نەکرێت کەسی تریش لە بەشەکەی من مافی ئەوەی نیە تێ بکۆشی، هەروەها دەیووت بۆ خەڵکی ئێمە واتە کوردستانی ئێران دێنە ناو ئەنگۆ بەقەولی ئەوان، دوا بە دوای دەستگیرکردنی سەرۆکی گشتی PKKهەموو جیهان بەگشتی و هەرچوار بەشی کوردستان بەتایبەتی دەستیان بە ڕا پەڕین کرد و دەیان کەسیش خۆی سوتاند، ئەو لایەن و کەس و گروپانەی کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێ کردن بەو کارە حەپەسان و چەك بوون، چونکە ئەوان بینیان لە کاتی شەهید بونی شێخ مەحمود، سەید ڕەزا، شێخ سەعید، بارزانی نەمر، قازی و قاسملۆش نەك کەس خۆی نەسوتاند بەشێکی زۆری جیهان و کورد ئاگاداریشی نەبوو، تەنانەت ئێستاکەش ئەو سەرکردانەی کە مەوجودن ئەگەر خوا نەکا شتێکیان بەسەر بێت باوەڕ ناکەم کەس بەرداغێکیشیان بۆ بشکێنی. جا لێرەدا پێویستە سنورێك بۆ قسەکانمان لەسەر کەسایەتی ئۆج ئالان و PKK-KADEKدابنێین، دەمەوێ بە نمونەیەکی تر بابەتەکە زیاتر ڕون بکەمەوە، کاتێك کە بەڕێز ئۆج ئالان دەستگیر کرا بەتایبەتی جەماوەری ڕۆژهەلاتی کوردستان بەهەزاران کەسیان هەڵڕژانە سەر شەقام و کۆلآنەکان و ووتیان ئێمە دوا بەدوای قازی 40 ساڵە تینوی سەرۆکێکین هیوا و ئاواتەکانمان ئەمڕۆ لە ئاپۆ خەسڵەتی وەرگرتووە کاتێ جەماعەتی PDKIئەمەیان زانی چەند کەسێکی حیزبی خۆیان هاندا کە بچنە ڕیزی خۆپێشاندانەکەو گێرە شێوێنی دروست بکەن بەڕاستیش وایان کرد و چونە ڕێزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکان و دروشمی "مەرگ مەرگ خومەینی و مەرگ مەرگ ئێرانیان "ئەووتەوە کە ئەو دروشمە لەو کاتەو لەو شوێنە جگە لە گێرەشێوێنی و تێکدان و حەسودیەت نەبێ هیچ واتایەکی تری نەبو، ئاکامەکەشی نزیکەی 33کەس لە ڕۆڵەی گەلەکەمان شەهید بوون. بازۆر لەسەر ئەو بابەتە نەڕۆین بەلآم ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە ئەو کەس و لایەنانەی کە لەبەرامبەر پڕۆژە و شێوازی سەرکردایەتی PKK کلاسیك ئەمانەوە و چاویان بە هێزی ئەوان لە جیهاندا هەڵنەدەهات بە ئاشکراو نهێنی بەشداریان لە گەلەکۆمەی دژ بە بەڕێز ئۆج ئالان کرد و بەتەنیا بەوەش نەوەستان کاتێ بینیان ئۆج ئالان هەستی بەو تەڵەیەکردوە کە بۆیان نایەتەوە، لە ئیمڕالی لە جیاتی هەڵوێستێکی عەواتیفی هەڵوێستێکی سیاسی نیشان داو نەك بەتەنیا ئەوان بەڵکو دەوڵەتی تورکیاشی بێ چەك کرد، ئەو کاتە سەرفەرماندراری گشتی سوپای تورکیا لەلێدوانێکیدا ووتی ئێستا ئۆج ئالان بوتە گوێزان لە نێو قورگماندا چەقیوە نەدەتوانین قوتی بدەین و نەدەتوانین فڕێی دەینە دەرەوە، بەلآم دوا بە دوای ئەوە هەمووئەو لایەنانەی کە دەستیان لە گەلەکۆمەکە هەبوو لە داخا ددانەکانیان ئەکرۆشت و هەڵسان بە پروپاگەندەیەکی ژەهراوی و قسەکان و هەڵوێستی ئۆج ئالانیان چەواشە کرد لەمەشدا مەبەستیان ئەوە بوو PKK پارچە بکەن و هانیان بدەن کە ستراتیژی خۆیان نەگۆڕن بەلآم من لێرەدا هەڵسانگاندنی خۆم هەیە ئەگەر ئێوە سەیری پەرتوك و هەڵسەنگاندنەکانی بەڕێز ئۆج ئالان بکەن کە پێش دەستگیرکردنی لەساڵی 1997-1998چۆن باس لە گۆڕان و گۆڕانکاری ئەکات و بە ئاشکرا پە نجە بەسەر ئەوەدا ڕائەکێشێت کە ستراتیژی ساڵی 19978ستراتیژی شۆڕشی زیندوکردنەوەی گەلێکی مردووبوو بەس کێشەکان چارەسەر ناکات ئێستاش کاتی ئەوە هاتوە کە لەچوارچێوەی چارەسەرکردنی کێشەکان ستراتیژیەکی نوێتر دابڕێژین. بەلآم سەرباری ئەوە چەند کەسانێکی مێشك ژەنگاوی هەڵسان بە چەواشەکردنی ئەو قسانەو یاری کردن بە عەواتیف و هەستی نەتەوەپەرستی کوردان دژ بەPKK بەکاریان هێنان بەلآم ئەو کاتەش دیار بوو کە جەماوەرێکی زۆری کوردستان بە مان و نەمان لەگەڵ ئاپۆیە و قسەکانی ئەوانیان پوچەڵ کردەوە، دوا بە دوای ووتارەکەی کاك (جەمال نەبەز) بەناوی PKKبەرەو کوێ کە لەوێ ئاماژە بەوە ئەکات ڕێکخراوی ئاماژە

بۆكراو لەمەودوا ناتوانێت 50كەس كۆبكاتەوە، پارتی كرێكاران لە ئەڵمانیان 175هەزار كەسی بە ڕۆژێك كۆكردەوە، دوا بەدوای ئەوە كاتێ بینیان PKKئەوە نیە كە ئەوان لێی تێگەیشتون، ئەم جارەیان بەڕێگای YNKهەڵسان كۆنسەی سەرۆكایەتی ئەو پارتەیان كردە ئامانجی خۆیان و ڕۆژانە باسی ئەوەیان دەكرد كە PKKبوە بە دووبەش و چەند پارچە و جەماعەتی فلان و فیسار و پاشان مام جەلال هەوڵیدا سیناریۆی شەهیدكردنی ( ئارام، مامە ڕیشە، قاسملۆ و شەرەفكەندی ) بەسەر ئەندامی كۆنسەی سەرۆكایەتی PKKبەڕێز جەمیل بایك دوبارە بكاتەوە كە سەری نەگرت، جەمیل بایك لە لێدوانێكیدا پە نجەی خستە سەر پیلانی مام جەلال كە پێی ووتبو وەرە میوانم بە بەلاّم با حزبەكەت نەزانێت جەمیل بایكیش لەوەلاّمدا ووتبوی من ئەو كەسەنیم بە كەبابێك بمكوژی، زۆری پێ نەچو هێزەكانی ( ی ن ك ) لە قەرەداغ هێرشیان كردە سەر هێزێكی بچوكی PKKلەقەرەداغ كە خەریكی كشتوكاڵ و بەخێوكردنی مەڕو مالاّت بوون و زۆربەشیان خەڵكی ڕۆژهەلاّتی كوردستان بوون و پاشان شەڕەكە قەندیلیشی گرتەوە بەلاّم YNK ئەوەی نەیبینیبوو لەو شەڕەدا بینی، من نامەوێ لەوە زیاتر لە سەر ڕابوردو بڕۆم چونكە ئەو هەویرە ئاوێكی زۆری دەوێت، ئەوەی گرنگ بێت لەو ماوەیە PKKتوانی كەموكوڕیەكانی خۆی ڕەچاو بكاتەوە و پێ لەسەر ستراتیژیەكی نوێتر دابنێت ئەویش ڕێبازی شارستانی دیموكراسی بوو هەروەها لەو ماوەیە سەرۆكی گشتی KADEKلە ئیمڕالی بەرگری نامەی خۆی پێشكەش بە دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا كردوو لە ڕێگای دادگای مافی مرۆڤ ئەو پەرتوكە گەیشتە دەستی خوێنەران و بەزۆربەی زۆری زمانەكانی جیهان بلاّو كرایەوە.

ماوەیەكە خەڵكانێكی بەناو ڕۆشەنبیر لە ڕاستیدا لایەن گر لە ماڵپەر و پاڵتۆكدا مشتومڕیانە لەسەر ئەوەی بۆ KADEKبڕیاری شەڕی پاراستنی ڕەوای وەرگرتووە، ئەو كەسانەش زۆربەی زۆریان چەند كەسێكی ئانارشی و بێ چارەن كە هەمووشتێك ڕەخنە ئەكەن و هیچ شتێك پەسەند ناكەن پڕۆژەی چارەسەریشیان بۆ هیچ شتێك نیە. بۆ نمونە شەوی 21-22\2\2003كەسێك بەناوی ( د. بورهان یاسین ) لەسەر ا پاڵتالك سیمینارێ هەبوو ڕەخنەی لەو بڕیارە گرت بەلاّم هەمان كەس پێشتر ئەوەی ڕاگەیاندبوو كە بڕیاری شەڕ وەستان لە بەرژەوەندی كورد و PKKنیە، لە هەمووشی گرنگ تر كاتێك جەنابی دكتۆر ڕوبەڕوی پرسی ئەوە بوەوە باشە ئەی KADEKچی بكات هیچ وەلاّمی پێ نەبوو هەر تیرەی لەكەنارێك وەشاند، چەندین كەسی تری بەو شێوەیە ئەم قسانە دوبارە ئەكەنەوەو لە گەلێك شوێنیش بەناوی گەل قسە ئەكەن. من ڕۆژی 15ی شوبات لەچوارەمین ساڵڕۆژی گەلەكۆمەی نێو دەوڵەتی سەردانی سترسبۆرگم كرد كە زیاتر لە 85هەزار كەس كۆببوەوە بەو سەرمایە بەجۆشو خرۆشێكی زۆر لەلایك بەبۆنەی ئەو ڕۆژە مانیان لە خواردن گرتبوو لەلایەكی دیكەشەوە پێشوازیان لە بڕیاری نوێی كادەك ئەكرد، من باوەڕ ناكەم ئەگەر كاك بورهان دەیان كەسی وەك ئەو خوانەكا بمرن 85كەس بچنە پرسەیان، كەچی جەنابی دكتۆر ئەم بڕیارە بەبڕیاری گەل نازانێت، بەواتایەكی تر ئەو گەلە بەشێت و بێ عەقڵ ئەزانێت خۆی بەتەنیا بە عاقڵ مەد ئەزانێت. من ئەڵێم شەرمە بۆ ئەو كەسانەی كە هیچ كاریان نیەو قاچ لەسەر قاچ و سۆسیالی دەوڵەت وەرئەگرن و لە بێ كاریان ئەچنە سەر پاڵتالك ئەم بڕیارە بێ واتا ئەكەن، جا خۆ هەركەس ئەزانێت ئەوانەی بۆچونی وایان هەیە تا ئێستاكە ڕۆژێك ئامادە نەبونە لە خۆپێشاندانێكدا شان بەشانی جەماوەر بەشداری بكەن چۆنكە خۆیان لەجەماوەر زیاتر ئەبینن كە كەمتر بن زیاتر نین، چونكە مرۆڤی گەورە ئەوە نیە لەسەر پاڵتالك قسەی قەڵەو بكات عەقڵً بە خەڵك بدات بەڵكو ئەوەیە كە بەشێوەیەكی دڵنزمانە بەشداری لەچالاكیەكانی جەماوەر بكات. لایەنێكی مەسەلەكە ئەوەیە كە لایەنگرانی پارتەكانی باشور پاش 11ساڵ گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی كە تورك دۆستی كورد نیە دوژمنی هەموو كوردە و باشیش ئەزانن دوا بە دوای ئەوە تورك 10ساڵ دژ بەPKKگۆڕی پێ هەڵدەكەنێن ئەم جارە دەیان خاتە ناو هەمان گۆڕ بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ئەو بڕیارە تورك هان دەدات بێتە باشوری كوردستان و داگیری بكات، داوا دەكەن كە پێویستە گوێڕایەلی حكومەتی هەرێمی كوردستان بی بەلاّم دەست نیشان ناكەن كامە حكومەت حكومەتی سلێمانی یان هەولێر، باشە من پرسیارتان لێ دەكەم حكومەتی هەرێم بۆ دانیشتنێك لە سەر ئەو وەزعەناكات و بڕیار بدات كە تورك نەیەتە باشوری كوردستان، باشە حكومەتی هەردوو پارت بۆ لەكاتی هەڵبژاردنی توركیا و پێشێل كردنی مافی كوردەكانی باكور لە هەڵبژاردن و پەیڕەوكردنی سیاسەتی گۆشەگیری دژ بە سەرۆك ئاپۆ بێ دەنگن، باشە كاتێك حكومەتی تورك داوای مافی توركمان دەكات لەباشور ئەوان بۆ داوای مافی 20ملیۆن كورد لە باكور ناكەن، ئێوە بۆ داوا لە پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان دەكەن كە بەبەرپرسیاری هەڵسوكەوت بكات، بۆ PDK-YNK ڕەخنە ناكەن كە ئەو پارتەیان قەدەغەكردووە و هەڕەشە لە دۆست و لایەنگرانیان ئەكەن. ئەمانە هەمووی لە لایەك بەلاّم باباش

بزانین تورکیا بە ئاشکرا ئەڵێت من بۆ ئەوە ئەچمە باشوری کوردستان تاکو قەوارەیەکی کوردی لەوێ دروست نەبێ، تورکیا ناڵێ هێزەکانی KADEK لەباشوری کوردستانن دەڵێ من نایەڵم قەوارەیەکی کوردی دروست ببێت کەواتە ئەو پەیامە بەسە بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی بابەتە بگەین، هێزی ئاماژەبۆکراو هەبێ و نەبێ تورکیا هەر ئەچێتە باشور چونکە هێزەکانی باشور بەتاییەتی YNK-PDK ڕۆلی خۆیان بینی و تورکیا ئیدی کاری پێ نەمان چونکە دژ بە بەشەکانی تری کوردستان ئەوان هەیان بوو کردیان، کەواتە ئەگەر ئێوە بێ لایەنن و داخوازی خۆتان ئاراستەی KADEK-PÇDK ئەکەن بەو پێیە پێویستە هەڵوێستی پارتە دەسەلأتدارەکانی باشوریش ببینن، ئەوڕۆ کادیك ئەڵێت ئەگەر بێت و تورکیا باشوری کوردستان داگیر بکات من لێی ئەدەم و شەڕ ئەکەم تەنانەت چەند مانگ لەمەو بەر گوێم لە قسەیەکی ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کادەك بە ڕێز عوسمان ئۆج ئالان بوو کە دەیوت ئەگەر تورکیا لە چوارچێوەی پیلانی ئەمریکا بێتە عێراق و باشور ئەوا ئێمە هیچمان نیە بەلأم ئەگەر بێت باشور داگیر بکات ئەوا هەڵوێستی بەرپەرچدانەوە نیشان ئەدەین، پارتی چارەسەرییش دەستی بەشەڕ نەکردووە بەلأم ئەڵێت هەر هێزێکی دەرەوە دەست لە کاروباری باشور وەربدات و داگیری بکات ئێمە بەرپەرچی دەدەینەوە، کەواتە بەناو ڕۆشەنبیرە ئانارشیەکان بۆیان نیە بلێن با تورکیا دەست لە باشور وەربدات و داگیری بکات و ئەگەر YNK-PDK هەڵوێستیان نەبوو ئەوانیش شەڕ نەکەن ئەمە ڕاست نیە ئەمە هەڵوێستێکی نانیشتیمانیە، پارتی چارەسەری و هەموو پارتەکانی کە خۆیان بە نیشتیمان پەروەر ئەزانن پێویستە شان بەشانی جەماوەر لە کاتی داگیرکردنی باشور گەورەترین زیان بە سوپای تورکیا بگەیەنن و باشوری کوردستان بکەن بەباشوری ڤێتنام. وەکو تر ئەو بڕیارەی کادەك بڕیاری شەڕی چەکداری پێشو نیە بەڵکو بڕیارێکە ئەگەر تورکیا باکور و باشور بەیەکەوە سەرکوت بکات و مافی سەرۆکی گشتی KADEK نەدات چاوی بە پارێزەرانی بکەوێت هەروەها ئەگەر ڕێگا نەدات گەلی کورد بەشێوەیەکی دیموکراسیانە داکۆکی لەمافەکانی بکات ئەوا لە پێناوی بەهێزکردنی ڕا پەرینی سیاسی مافی بەرگری ڕەوات هەیە.

بەڕای من ئەو بڕیارە نوێیەی KADEK زیاتر دەوڵەتی تورکیا هان دەدات کە چاوێك بەخۆیدا بخشێنێتەوە و نەتوانێ بە ئاسانی و بەبێ حیساب بکەوێتە باشور، ئەگەر کەوتە باشوریش ئەوا ڕووبەڕوی بەرخۆدانی باکور و باشور ببێتەوە جا بابزانین کامیان زیاتر زیانی بەر ئەکەوێت، بۆ ئەوە YNK-PDK یش پێویستە خۆیان یەکلا بکەنەوەو ڕەخنەی خۆیان بدەنە جەماوەری باشور و باکور بۆ ئەو هاوکاریەی کە چەند ساڵێك دژ بەکورد پێشکەشی تورکیایان کرد، هەروەها ڕۆشەنبیر، هونەرمەند و ئەکادیمیسیانان پێویستە هەست بە ئامانجی ئەو پڕوپاگەندە و جۆرە هەڵسەنگاندنانە بکەن کە دژ بە بڕیاری دووایی کادەك ئەکرێن کە درۆیەکانی پێشو و چەواشەکاریەکانیان دەخاتە ڕوو کەلەکاتی دەستگیرکردنی ئۆج ئالان تا ئێستاش بلأوی ئەکەنەوە.

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بووغان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاویدەکەینەوە. لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 2003-1-15